کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
9-5-2007 13:07بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ئینشیقاقەکەی چاک و سەرەتای گەندەڵی ... جەمال ئەکرەم

گومانێکی قووڵ لە ئیمزای ١١ نوسەر لەسەر کەمپینی ئینسانی کەرکووک ١١ نوسەری بەڕێز ڕاگەیاندنەکیان دەرکرد لەسەر کەمپینی وتوێژی مۆدێرن دەربارەی ئینسانی بونی شارەکەو تەرحی خۆیان خستبوە ڕو.
ئەوەی جێ ی سەرسوڕمان بوو هەر زوو بەزوو ئینشیقاقیان تێ کەوت و بونە دو بەشەوە من وەکو خوێنەرێکی بەردەوامی سایتەکان وە دۆستایەتی هەندێ لەو برادەرانە و بیرورا گورینەوە لەگەل هەندی کەسیان لەهەردوو لا و لەگەڵ ئەوانەی وازیان هێناوە لەچاکا ئەمانەم بۆ ڕونبۆوە.

ا- ڕاگەیاندنەکەیان پەلەپەلی پێوە بوە
ب- تەفاهومێکی هاوبەش نەبوە
ت- خیلافی سیاسی هەبوە نەوەکو خیلافی ڕۆشنبیری
پ- نوسینەکەیان دورو درێژ بوە
ج- جیابونەوەی ئەو پێنج کەسە جیابونەوەیەکی سیاسی بوە
ح- مەبەست لەجیابونەوەکە گەیانی مەسیجێکی سیاسی بوە بۆ لایەنێکی سیاسی
خ- کاری هەرەوەزی لە ناو کوردا فاشیلە ئەوە لەناو ڕۆشنبیرانا هەر فاشیل تر
د- زۆر و بۆری نیشانەی باشی نیە ئەوەنەی نیشانەی خراپی یە
ژ- ماستاوکردن لەهەمو لایەکەوە هەبوە بۆ هەندێ وێبلاگی کوردی.
ر- سیراعی شەخسی و ناوپەیاکردن و خۆ بەگەورەزانی هەبوە لەهەمولایەکەوە

### بیروڕای جیابوەوەکان (هەمویان نا، زۆربەیان) ئەمانەیە

1- ئەوانەی تر زیاترعەرزی عەزەڵاتیان کردوە
2- حیسابیان بۆ ڕاکانی ئێمە نەکردوە
3- حیقدی شەخسی و حیزبی و سیاسی هەبوە لە هەندێ نوسەران و سایتەکان کە سەر بەهی دەسەڵاتی ئەزانن
4- ئەوان خۆشیان بە چاک دا نایات و چاویان نایبینێ
5- بیرورا سەپاندن هەبوە
6- ویستیان ئیستیغلالی جیابوەوەکان بکەن
7- خۆیان زۆر پێ شت بوەو حیسابیان بۆ کەس ناکرد
8- خۆدەرخستنیان مەبەست بو
9- چاک خۆی ناکاتە پردی کەس بۆ پەڕینەوە
10- چاک دیسپلینی خۆی هەیە و ناچێتە ژێر تەئسیری کەسەوە

### بیروڕای هەندێ لەوانەی تر کەماونەتەوە سەبارەت بە مونشەقەکان

ڕ- ئەوان وەک دەم سپی سێ کەسی تریش هاتن و لەگەڵ خۆشیان بردیانن
ب- حەرفێ چیە لە سێ کەسی یەکەمی جیابوەکان نەبیستراوە و هەر بە خاترو خۆتری بوە
ت- دەیان نوسەری چالاک و دڵسۆز هەبوو پێیان ڕابگەیەنرێ و ئامادەش بون

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

پ- تانە و پلاری شەخسی لە هیچ حیزب و لایەن و کەسێ بە تابیەت نەدرایە

ج- ئەوان عەقڵیەتی سیاسی و حیزبیان هەیە، مەبەستیان لەو جیابونەوەیە هەبو، ڕوویان لە شوێنی ترە.

ح- چاک تەجروبەیەکی تری بێ متمانەی هەیە لە ئیمزاکانی بۆ دکتۆر کەمال سەی قادر کرا.

خ- لەئەساسەوە کارەکە غەڵەت بوو ئەوان هێنرایە ناوەوە، زۆر هەڵەیە زۆری و بۆری

د- چاک میسداقیەتی خۆی لەدەست دا لای زۆر نوسەرو تەنانەت لای هەندێ ئەندامیشیان وەکو وازهێنانەکەی ئەندامانی کوردستانیان

ژ- عەقڵیەتی چاک عەقڵیەتی ناو پەیاکردن و خۆرادانە بەسەر کەس و لایەنی ترا

ر- هەمو کات چاویان لەدەستەلاتەو هەر بەیانی ئینشیقاقەکەشیان یەکەم جار نارد بۆ شوێنێکی نزیک بەدەستەلات لە دورو نزیکە پەیوەندی بەم باسەوە نەبو بەلام ئەوان ویستیان خۆیان پاک کەنەوە لای دەستەلات بە ڕێگای خۆیان

## ئەوەی من و زۆر لەخوێنەر هەڵی ئەسەنگێنین

1- بێ سیقەی و بێ باوەڕی بەیەکتر زۆرە لەناو نوسەرانا

2- ئەنجامێکی سلبی ئەبێ لە هەر کارێکی هەرەوەزی تراو کاری هەرەوەزی فاشلە

3- برادەرانی چاک ئەبنە جێگەی پرسیارێکی سیاسی و وەک حیزب هەڵسوکەوت ئەکەن چونکو جیابوەکان هەمویان چاک ن

4- بۆ یەکەم جارە کۆمۆنیستەکان لەوەلامدانەوەیانا بەزمانی دایەلۆگ وەلامی ڕەخنە بەنەوەواتە زۆربەی ئەوانەی وەلامیان دایەوە

5- کۆمۆنیستە کرێکارێکان بەهەڵەیا چوون ئەگەر پێیان وابێ مونشەقەکان نەرمترن بەرانبەریان بەعەکسەوە ئەوان زۆر قەومیترین و ناسیۆنالی ترن. زۆربەیان هەر ووشەی عارەب وەکو دوژمن سەیرئەکەن هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی دواختی برگەی ١٤٠ داوایەکی شۆفینیستەکان و ئیسلامیەکانە. ئەگەرکو وەکو چاک ئەڵێ ١٤٠ لانی کەمی داواکاریەکانە

6- ئەوانەی ماونەتەوە واتە شەش کەسەکە لەو باوەڕەیام بێدەنگیان هەڵبژارد بە باشترین وەلامی ئەزانن بۆ مونشەقەکان و چونکی ئەڵێن مونشەقەکان خۆیان خۆیان ئەدوێنن و خۆیان عەرزی حاڵی خۆیان ئەکەن

7- ئەو ڕونکردنەوەیەی مونشەقەکان بە قەڵەم و بیری یەک کەس نوسراوەو ئەوانی تر وەرەقەی سپیان بۆ ئیمزا کردوە ئەمەش دەردێکی تری متمانەی بێ هەق و حیسابە

8- تەسفیە حیسابێک کرا لەو قسانەدا

9- ئەبو لەبەینی خۆیانا تەفاهومێکیان بکردایەو خۆیان نەکردایە بە جێ ی گومانی زیاتر

10- زیان لە میسداقیەتی نوسەر بە عام کەوت، چاک میسداقیەتی ئەچیتە ژێر پرسیارەوە بۆ هەر کارێکی بەکۆمەڵی دیکە.

11- بە شکڵی گشتی هەرایەکی باشی نایەوەو گفتوگۆیەکی بەنا بو

12- موزایەداتی سیاسی زۆر کرا لەهەمو لایەکەوە

13- سەیر لەوەیایە ئەو ئینشیقاقە هیچ پەیوەندی بە شوێنی ترەوە نەبو ئەبوایە هەر لەدەنگەکانا بوەشێنرایە وەلێ بە قودرەتی قادر چو بۆ شوێنێکی تر و لەوێوە هاتەوە بۆ دەنگەکان تەنانەت لەسایتەکی خۆیانا واتە سایتی ناوەندی هەڵەبجەو ئەنفالا بلاو نەکرایەوە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئومیدئەکەم چاک ئینشیقاقی تری تێنەکەوێ بەداخەوە سەرەتای گەندەڵی لە چاکیشا وا خەریکە دەرئەکەوێ و شتەکان ئەتەقنەوە، چونکو هێشتا ئەوانەی لە چاک جیابونەتۆ هێلکەی زۆر گەورە لە سەبەتەکانیانا هەیە بەتاییەت ئەگەرەکو خراپ بن و چاک نەبن ئەوا هێلکەی گەورە گەورە دێتە بازاڕاوە هەروەسا ئومید ئەکەم تاکرەوی لەچاکا کۆتای پێ بێ و داواش لە ئەندامەکانی ئەکەم ئیرادەی خۆیان و عەقڵی خۆیان نەدەنە دەست کەس لەجیاتی ئەوان بیربکاتەوە چونکو بەحەقەت سەرەتای ئینفرادی سەری هەڵدایە.

جەمال ئەکرەم
٢٠٠٧-٥-٩
سوئێد

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.